گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper7

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 22/09/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 10/11/2024
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/04/2025

# ڕەهەندی ململانێ و دژیەکی بیرکردنەوە لە ئەزموونی شیعریی (حەمدی ساحێبقڕان)دا

**سەروەت نیعمەتوڵا صاڵح[١] - ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە[٢]**
sarwat.salih@uoh.edu.iq - Ahmad.mira@uoh.edu.iq
[١+٢] بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی شارەزور، زانکۆی هەڵەبجە، قەزای شارەزور، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی "ڕەهەندی ململانێ و دژیەکی بیرکردنەوە لە ئەزموونی شیعریی (حەمدی ساحێبقڕان)دا"، تایبەتە بە باسکردنی ڕەهەندێکی جیاواز و تایبەت لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی سەدەی بیستەم؛ بەدیاریکراوییش، خستنەڕوی ڕەهەندێکی جیاواز و سەرنجڕاکێشە لە ئەزموونی شیعریی (حەمدی ساحێبقڕان)دا، بەپێی میتۆدی مێژوویی و دەتوانین بڵێین تارادەیەکی زۆر نوێیە و کەمتر توێژینەوەی لەبارەوە کراوە، ئەویش بریتییە لە باسکردن لە (ڕەهەندی ململانێ و دژیەکی بیرکردنەوە لە ئەزموونی شیعریی حەمدی ساحێبقڕان)دا؛ بەتایبەتییش خستنەڕو و پیشاندانی ئەو وێنە ئەرێنی و نەرێنییانەیە، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بۆ دەسەڵات و حوکومڕانی شێخ مەحمود، ئینگلیزەکان، بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی کۆمەڵگای کوردیی لە باشوری کوردستان، دایڕشتوە. شاعیر جیاواز لەو ڕێباز و ڕێچکەیەی شاعیرانی پێشخۆی، هەندێک بابەتی شیعریی مایەی سەرنج و تێڕامانن لە شیعرەکانییدا، کە پێکدێن لە ململانێی خودیی و ئایینی و دژیەکیی لە بیرکردنەوە و نوسینەکانییدا، بەجۆرێک ئەم دژیەکییە هەندێکجار ماوە و کاتێکی کەمی تێنەپەڕاندوە و شاعیر لە دۆخێکی دژبەیەک و پێچەوانەی نوسینی پێش خۆیدا کاریکردوە و پێویستی بە خوێندنەوەی ورد و قوڵی ڕەخنەیی هەیە، بۆ دەستنیشانکردنی ئەم هێڵە وردانە. بە خوێندنەوەی دیوانی حەمدی ساحێبقڕان، لەنێوان دو جۆر بیری دژبەیەک و ناتەبا لەگەڵ یەک ڕوبەڕو دەبینەوە، جۆرێکیان وەسف و ستایش و پیاهەڵدان بە دەستەڵاتێکی سیاسیی دیاریکراوی سەردەمەکەی خۆی و ستاییشکردنی ئەزمونەکەی، جۆرەکەی تر لەدژ وەستانەوە و داشۆرین و دژایەتیی ئەو ئەزمونە سیاسییە و کەمبایەخ تەماشاکردنی سەرکردە و کاربەدەستەکانیی و خستنەژێر پرسیاریی هەمو مێژوی ئەو ئەزمونە سیاسییە. هەروەها ڕوبەڕوبونەوە و ململانێ لەگەڵ چینە سیاسیی و ئاینییەکەی سەردەمی خۆی و دەرخستنی کەموکورتیی و نەنگییەکانیان بەبێ سڵەمینەوە و گوێدان بەو مەترسییانەی بەهۆی ئەم هۆنراوانەیەوە لەسەر ژیانی دروستدەبن.

**کلیلە وشە:** ململانێ، دژیەکی، ئەدەبی سیاسیی، پیاهەڵدان، ناسەقامگیریی

# The Dimension of and Paradoxical Thinking in the poetic experience of (Hamdi Sahibqiran)

Sarwat Naamat Alla Salih[1] - Ahmed Mohammeed Rasheed Meera[2]

[1+2]Kindergarten Department, Education College of Sharazur, University of Halabja, Sharazur district, Kurdistan Region,Iraq.

## Abstract

This Research is titled "The Dimension of Conflict and Contradiction of Thinking in the Poetic Experience of Hamdi Sahebqran" and is dedicated to discussing a different and specific dimension in the history of Kurdish literature in the twentieth century؛ in particular, it presents a different and interesting dimension in the poetic experience of Hamdi Sahib Bakran, according to the historical method, and we can say that it is relatively new and less researched. In particular, it is to show the positive and negative images that the poet has created in his poems about the power and rule of Sheikh Mahmud, the British, and the political and social situation of the Kurdish community in southern Kurdistan at that time. It is a contradiction to the writing that preceded it and requires careful and in-depth critical reading to identify these fine lines. Reading the Diwan of Hamdi al-Sahib al-Bakran, we are faced with two types of opposing and contradictory ideas: one is to describe and praise a specific political authority of his time and praise his experience, and the other type is to oppose and oppose that political experience, and to look down on its leaders and officials and to question the entire history of that political experience. He also confronted and confronted the political and religious class of his time and revealed their shortcomings and shames without hesitation and ignored the dangers that these poems pose to his life.

**Keywords:** Conflict, Opposition, Political Literature, Extend, Instability.

## پێشەکی:

**١/. ناونیشانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە, بە ناونیشانی **"ڕەهەندی ململانێ و دژیەکی بیرکردنەوە لە ئەزمونی شیعریی (حەمدی ساحێبقڕان)دا"**یە.

**٢/. ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** کارکردن لەم توێژینەوەیەدا بەو ئامانجە زانستییەیە، کە بتوانین ڕەهەندێکی دەستبۆنەبراو لە ئەزمونی شیعری (حەمدی ساحێبقڕان)دا بخەینەڕو، لە هەمان کاتیشدا وێنەیەکی جیاوازتر لە ئەزمونی حکومڕانی و سیاسیی ئەو سەردەمەی شاعیری تێدا ژیاوە، بخەینەڕو. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، توێژەر هەوڵیداوە بێلایەنانە و بابەتیانە ئەو شتە شاراوانەی لە چوارچێوەی دەقەکنی شاعیردا هەن، ئەم بتوانێت ئاشکرایان بکات و هەردو لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی سەردەمی شاعیر وەک خۆی بخاتەڕو.

**٣/٠ کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوەکە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، دژیەکی بیرکردنەوە و ڕەهەندی ململانێ لە نێو شیعرەکانی حەمدی ساحێبقڕاندا وەک بابەتێکی هەستیار سەیری کراوە و توێژینەوەی لەسەر نەکراوە تا هێڵە وردەکانی ئەو دو ڕەهەندە دەستنیشانبکرێن و لەڕێی ئەزمونی شیعریی شاعیرەوە بۆچونەکان بسەلمێندرێن، بۆیە لێرەدا لەڕێی گریمانە و نمونەهێنانەوەوە دەمانەوێت گرفتی توێژینەوەکە دەستنیشانبکەین و ئەنجامێکی وردی بابەتیی

بەدەستبخەیین و وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەستبکەوێت کە تا چەند (بیری دژیەکی و ململانێ) لە ئەزمونی شیعریی شاعیردا بەدیاردەکەوێت و چ کاریگەرییەکیان بەجیهێشتوە، بابەتی توێژینەوەکەش کێشەی توێژینەوەکەیە و سنوری توێژینەوەکەش بریتییە لە دیوانی شیعریی (حەمدی ساحێبقڕان).

**٤/٠ میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە، بە میتۆدی مێژویی، کاردەکات؛ کە بۆ هەر بابەتێکی باسکراو لە توێژینەوەکەدا بەڵگە و نمونەی پێویست بۆ سەلماندنی ڕاستییە مێژوییەکانی ئەو سەردەمە، هێنراونەتەوە و پاشان شیکاریی و دەرخستنی ئەو ڕەهەندانەی، کە دەمانەوێت لە ئەزمونی شیعریی شاعیردا، بیخەینەڕو.

**٥/٠ بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بە گشتی بۆ دو بەش و چوار پار، دابەشکراوە، کە لە بەشی یەکەم، پاری یەکەمدا هەوڵدراوە چەمکی ململانێ بە وردیی پێناسەبکرێت و جۆرەکانی ململانێ بخرێنەڕو، لە پاری دوەمدا، چەمکی دژیەکیی و دژیەکیی بیرکردنەوە لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە خراوەتەڕو. بەشی دوەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ پراکتیزەکردن و خستنەڕوی چەمکی ململانێ و دژیەکی بیرکردنەوە لە نێو شیعرەکانی (حەمدی ساحێبقڕان)دا.

## ١) چەمکی ململانێ و دژیەکیی و دژیەکیی بیرکردنەوە:

### ١/١) چەمکی ململانێ:

ململانێ، یەکێکە لە خەسڵەتە بنەڕەتییە دەرونییەکان، کە تاکی پێدەناسرێتەوە، بەجۆرێک "هەر لەو ڕۆژەوەی خودا مرۆڤی خوڵقاند، سەرەتای ململانێ و ناکۆیی نێوان هێزی شەڕ و هێزی چاکە دەردەکەوێت و کۆتایی ئەم ململانێیەش بە دەرکردنی مرۆڤ لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی کۆتایی دێت" (حنا، ٢٠١٩: ٤٣٩). بەمەش نەک هەر ململانێ کۆتایی نەهات، بەڵکو پەرەیسەند و لەنێوان خودی مرۆڤەکانیشدا زیاتر برەویسەند، تەنانەت لەنێوان دو برادا کە سێیەمیان نەبو، ململانێ و ناکۆیی دەرکەوت، کە دو ڕۆڵەکەی (ئادەم)بو، بە کوشتن و لەناوبردنی دانەیەکیان کۆتایی هات؛ بە درێژایی مێژو و سەردەمەکانییش زیاتر پەرەی سەند، کە سەرچاوەکەی یاخود لە دوژمنایەتییەکی ناعەقڵانیی دور لە ژیرییەوە سەرچاوەی گرتوە، یاخود لە دەرئەنجامی گەشە و پێشکەوتنی بەڵگەی عەقڵی و ئەزمونکراو و زاڵبونی ژیریی مرۆڤ بۆ چەسپاندنی بەهایەکی بەرزی کۆمەڵایەتیی.

ململانێ، "جۆرێکە لە کێبەڕکێ لە نێوان دو لایەن یان زیاتر، کە تێیدا هەر لایەنێک هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی خۆی دەدات لەسەر بنەمای پاکتاوکردن و سڕینەوەی بیروبۆچونەکانی ئەوەی دیکە، ئەمەش کاتێک ڕودەدات کە هیچ هەماهەنگی و هاوئاهەنگییەک لەنێوان ئەو لایەنانەدا نەبێت و نەگەشتبنە هیچ ڕێکەوتنێک لەگەڵ یەکتر" (امین، ٢٠١٠: ١).

لە زماندا ململانێ دەکرێت وەک هاواتای هەریەک لە وشەکانی (ناکۆکی و دوبەرەکیی و دژبەریی و جیابونەوە) بێت و وەک چەمکیش " ململانێ گوزارشتە لە ناکۆکی و دژبەرییەک جا لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێکدا بێت یاخود چەند ئاراستە و بیروبۆچونێکی جیاواز، ئەمەش شتێکە هەرگیز ناکرێت دابڕێنرێت لە ژیانی ئادەمیزاد، چونکە بەشێکە لە بون و وجودی مرۆڤ و لێیجیانابێتەوە؛ ململانێ چەندین شێوەی جیاوازی هەیە، بەپێی جیاوازی ڕەگەز و ناسنامە و بیروبۆچون و جۆری بیرکردنەوە و ئاستی ڕۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو یاخود چەند کۆمەڵگایەکی جیاواز" (Maturedy, 2023: 1).

هەروەها دەکرێت بڵێین ململانێ "جۆرە فشارێکی دەرونی یاخود ناسەقامگیرییەکە، کە لە دەرئەنجامی ڕێکنەکەوتن یان ناکۆکبونە لەگەڵ دو ئارەزوی جیاواز لەگەڵ یەک، یاخود دو پێویستیی جیاواز لەگەڵ پێویستییەکانی خود" (Gerolier, 1992: 537).

ململانێ لەو کاتەدا ڕودەدات، "کە تاک خۆی لە نێو دو هەڵوێستی دژبەیەک دەبینێتەوە و یەکێکیان ڕەفتارێکی دیاریکراو و ئەوی دیکەشیان داوای ڕەفتارێک دەکات کە لەگەڵ ڕەفتارەکەی دیکە ناگونجێت، هەروەها دو جۆرە پاڵنەری دژ بە یەک و ناکۆک دەبنە هۆی پەکخستنی تاکەکەسەکە و ناهێڵن بگونجێت" (معایتە، ٢٠١٣: ٢٠٥). تا وایلێدێت توانای کۆنترۆڵکردنی خودی خۆی نامێنێت و ناتوانێت بەسەر خۆیدا زاڵبێت.

### ١-١/١) جۆرەکانی ململانێ:

بەشێوەیەکی گشتی چەند جۆرێک لە ململانێ بونی هەیە:

### ١-١-١/١) ململانێی دەرونیی:

ململانێ، بە شێوەیەکی گشتی دۆخێکی نائاسودەیی و فشاری دەرونییە، کە لە دەرئەنجامی نەسازان و نەگونجانی دو ویست و دو ئیرادە یان زیاتر دروستدەبێت، کە دەکرێت ئەو دو ویستە لەنێو خودی تاکەکەسێکدا بێت، یان دوکەس و زیاتر. ململانێ، ناکۆکی نێوان حەقیقەت یان خەیاڵە بۆ پێداویستییەکان و بەهاکان و بەرژەوەندییەکان. مەبەست لە ململانێی دەرونیی "ئەو حاڵەتەیە کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دو پاڵنەر یان دو پێداویستیی، یان دو گرفت، کە ناتوانێت بە ئاسایی و ئاسانی بڕیار بدات و یەکێکیان هەڵبژێرێت، تا ئەو کاتەی یەکێکیان هەڵدەبژێرێت و بڕیاری خۆی دەدات مرۆڤەکە توشی ململانێی دەرونی دەبێت و لەبارێکی دەرونیی ئاڵۆزدا دەبێت" (عەزیز، ٢٠١٤: ٢٦٧).

ململانێی دەرونی، بارێکی پڕ کاردانەوەیە، کە لە ئەنجامی ناکۆکیی و لەگەڵیەکنەهاتنەوەی ئارەزوە پێچەوانەکانی مرۆڤ و تێرنەبونی خواست و ویستە لە بن نەهاتوەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها کێبڕکێی خودی مرۆڤە لە شاردنەوەی حەزە (تابو)کانی و ویستی کردنیان لە دەرفەت و هەلی ڕەخساودا. ئەم ململانێ و ناکۆکییە دەرونییە زیاتر لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا دەبێت و بە درێژایی تەمەنی کەسەکە لەگەڵیدا دەبێت، با لە ڕوکەشیشدا وا خۆی دەربخات کە مرۆڤێکی جیاوازترە لەوانی دیکە و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیی و ئاینییەکان کاریگەرییان لەسەری نابێت.

ململانێی دەرونیی، زیاتر ململانێیەکی ناوەکیی و شاراوەیە و دەکرێت لەڕێی ئەزمونکردن و تاقیکردنەوە و ڕەفتارکردنەوە دەربکەوێت و ئاشکرابکرێت، "ململانێی دەرونیی کاتێک لای خودی کەسەکە ڕودەدات کە ڕوبەڕوی دو پاڵنەر دەبێتەوە یان دوجۆر لە ئارەزوی خودی، بەجۆرێک کە کار لە کەسێتیی کەسەکە دەکات و وایلێدەکات بە کەسایەتییەکەیەوە دیاردەبێت و توشی چەندین گرفتی تەندروستیی و دەرونیی دەکات و وایلێدەکات توانای بڕیاردانی نامێنێت و کەسێتیی لاواز دەکات و لەدەوری بازنەیەکی بەتاڵ دەسوڕێتەوە" (الهزاع، ٢٠٢٠: ٣٩٦). ئەمەش وادەکات وەک مرۆڤێکی بێئۆقرە و نائارام دەربکەوێت و نەتوانێت بەسەر خودی خۆیدا زاڵبێت.

### ٢-١-١/١) ململانێی سیاسیی:

ململانێ، جگە لە ڕەهەندە دەرونییەکەی، یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە بنەڕەتییەکانی نێو دنیای سیاسەت، بەجۆرێک سیاسەت، خۆی دەرهاویشتەی دید و بۆچونە جیاوازەکانە لەسەر شێوازی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان و بڕ و شێوازی بەدیهێنانی ئامانجەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی و نیشتمانی و تایبەتیەکانە، کە لە نەسازان و نەگونجانی نێوان دو لایەنی دو کیان یان دوبەشی یەک کیان یان زیاتر دروستدەبێت. "بەشێوەیەکی گشتیی ململانێی سیاسیی دو ڕەهەندی جیاوازی هەیە ڕەهەندێکی نەرێنیی کە ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە لایەنێک بیەوێت

بە تەواوی لایەنەکەی تر بسڕێتەوە و لەناوی ببات، یاخود چارەسازییەک بکاتە پێوەر و بەسەر ئەوانی دیکەیدا بسەپێنێت، یاخود بیەوێت بەجۆرێک لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، ئەوانی دیکە فریوبدات و بەمەش ڕەهەندێکی نەرێنیی دەبێت؛ لەبەرامبەردا ڕەهەندێکی ئەرێنییشی هەیە، کە دەکرێت لەڕێی ئەو ململانێیەوە دادخوازییەکی کۆمەڵایەتیی یاخود بەهایەکی کۆمەڵایەتی بەرز، برەو پێبدرێت و بچەسپێندرێت" (سمیع، ٢٠٢٢: ١٤٢).

هەمیشە ململانێ و ناکۆکیە سەرەکیەکانی ناو پرۆسە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و کەلتورییەکان، ئەگەر بەپێی پێداویستەکانی دۆخی گۆڕان و گەشەکردن بە ڕێچکەی ئاسایی خۆیدا بڕوات، پرۆسەیەکی پێویست و ئاساییە، چونکە هەمیشە ململانێ بە واتای ڕەتکردنەوەی گشت نایەت، بەڵکو کۆکنەبون لەسەر بەشێک یان چەند بەشێک لە بابەتێکی هاوبەشی نێوان دو یان زیاتر لە لایەنی مەزهەبی، نەتەوەیی، نیشتمانیی، یان هەر پێکهاتەیەکی سەرەکی لە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگایە.

لە ململانێی ئاساییدا، کەسانی سەرکەوتو بۆ چارەسەری هەر ناکۆکی و ئاڵۆزییەک چەندین ڕێگە و شێوازی کۆک و گونجاویان هەیە و هەمیشە لەبەرامبەر سەپاندنی بەڵگەی لایەنی بەرامبەردا، پرۆژە و پلانی گونجاو و ئەزمونکراو پیادە دەکەن.

هەمو دەستەو قەوارەیەکی سیاسیی، مافی ئاسایی و یاسایی خۆیەتی، بەمەبەستی نوێبونەوە و گەشەی قەوارەکەی و بەدیهێنانی ئامانجەکان و پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی، کار بە ناکۆکییە سەرەکییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکات و ململانێیەکی سیاسیی تەندروست پیادەبکات، هەم لەگەڵ خودی خۆی هەم لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و فەرهەنگیی ئەو جوگرافیا سیاسییەی کە چەقی کارکردن و ماکی وجود و بونییەتی.

ململانێی سیاسیی، "بە ویستی تاک یان گروپێک بۆ بەدیهێنانی (هێز، دەستەڵات، باڵادەستی)دادەنرێت، هەمو ئەوانەش لە پێناو دەستەبەرکردنی زۆرترین پێداویستی و باشترین ژیانە" (مقلد، ١٩٨٢: ٢٥٨).

سەرهەڵدانی کێبڕکێ و ململانێی سیاسی زیاتر ئەوکاتانە پەیدا دەبێت، کاتێک کەسانێک وا دەبینن لەگەڵ بەشێک لە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانی قەوارە سیاسیەکەیان تێڕوانین و دیدی جیاوازیان هەیە لەمەڕ شێوازی ئیدارەی کاری سیاسی و بڕ و ئاست و شێوازی بەدیهێنانی دەستکەوتەکان و چەند و چۆنیی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و میکانیزمی خەرجکردنی دارایی.

هەمو ئەو ململانێ و کێبڕکێ سیاسیانەی بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی و پتەوکردنی ڕوکنەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسیی لەگەڵ قەوارە سیاسییەکانی بەرامبەر و تەنانەت لە ناوخۆی قەوارەکەش دەکرێت، هەم یاسایی هەم ئاسایی هەم پێویستەکی گرنگی پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵایەتیشن.

### ٣-١-١/١) ململانێی کۆمەڵایەتیی:

ئەمجۆرەی ململانێ، ململانێی ئایینی و نەژادیی و چینایەتییش لەخۆی دەگرێت؛ (کارڵ مارکس) پێیوایە "ململانێ پرۆسەیەکی دیالێکتیکی حەتمییە، لە ئەنجامی نایەکسانی لە دابەشکردنی سەرچاوەکانی ئابوری و داهات لە نێوان چینی سەرمایەدار و کرێکاردا ڕودەدات، کاتێک کرێکار هەستدەکات لەبەرامبەر کۆششەکانیدا مافی خۆی پێنەدراوە، گۆڕانکاریی لە هزر و بیرکردنەوەیاندا ڕودەدات و هۆشیاردەبنەوە، هەست بە نامۆبون دەکەن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ململانێ" (القصبی، ٢٠٠٦: ١٧).

ململانێی کۆمەڵایەتیی، زیاتر بەریەککەوتن و دروستبونی ڕای جیاوازە سەبارەت بە دو ئایینی جیاواز، یان چەند مەزهەبێکی ناو ئایینێکی دیاریکراو کە هەریەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ دیاردە ئایینی و گەردونییەکان هەیە؛ یان

ململانێی نەژادیی و چینایەتیی چینەکانی ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە، کە ئەمەش بەردەوام ڕودەدات و دەکرێت پێویستی و کەرەستەیەکی گرنگبێت لە پێناو مانەوەی تەواوی چینەکان و پاراستنی کیان و ماف و ئازادییەکانیان، بە نمونە "فلفریدۆ باریدۆ پیی وایە ململانێ بریتییە لە پرۆسەیەکی گرنگی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی، لە نێوان دەستەبژێر و خەڵکی ڕەشۆکدا لە پێناو بەدەستهێنانی پێگەکانی هێز و حوکومدا ڕودەدات، لە ئەنجامدا چینی ڕەشۆکی بەسەر دەستەبژێردا سەردەکەون و پۆستەکانی دەستەبژێر پڕدەکەنەوە، ئەمە بە خولی دەستەبژێر ناوی دەبات کە کۆمەڵگا لە کەمتر دیموکراسییەوە بۆ زیاتر دیموکراسی هەنگاودەنێت" (حسین، ٢٠٢٢: ٩).

دەکرێت ململانێی کۆمەڵایەتیی، لە یەک کۆمەڵگەی دیاریکراودا ڕوبدات و لە ناو چینە جیاجیاکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا سەرهەڵبدات، هەروەها لە چوارچێوەی نێودەوڵەتییشدا بەدیاردەکەوێت، " ئەمجۆرە ململانێیە لە ئەنجامی هەستکردنی کۆمەڵە و چینێک سەرهەڵدەدات بەوەی کە بەرزتر و پێشکەوتوترە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەو وەها هەست دەکات لە کۆمەڵگەیەکی دیکە پێشکەوتوترە، بۆیە هەوڵدەدات کۆنترۆڵی بکات و بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییە سیاسیی و چینایەتییەکانی بەکاریبهێنێت، ئەمجۆرە ململانێیە دیمەنی سوتان و شڵەژان و شۆڕشەکان و دەستدرێژی و لیدان و کوشتن و تاڵانکردن لەخۆدەگرێت" (معایتە، ٢٠١٣: ٢١٠).

## ٢/١) چەمکی دژیەکیی و دژیەکیی بیرکردنەوە:

### ٢/١-١) چەمک و زاراوەی دژیەکیی:

لە بەرامبەر زاراوەی دژیەکدا، لە هەریەکێک لە زمانەکانی ئینگلیزی وشەی (Antonym) و لە زمانی عەرەبیدا وشەی (التضاد) و لە زمانی فارسییشدا وشەی (تضاد)ی بۆ بەکاردێت، کە بە واتای دو وشەی دژبەیەک لە واتادا یان پێچەوانەی یەکتر بەکاردێت.

دژیەکیی، بەوجۆرە پێناسەکراوە "هەر وشەیەک یان هەر شتێک پێچەوانەی شتێکی دیکەبێت و بەسەریدا زاڵببێت، بە نمونە شەو و ڕۆژ، ڕەش و سپی، مردن و ژیان، کە ئەمیان دەرکەوت، ئەوی تریان دەڕوات و نامێنێت" (السلیفانی، ٢٠٢٠: ٢٠). دژیەک، وەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، ناونانی شتێکە بە ناوی پێچەوانەکەیەوە بە نمونە (پاک، ناپاک) و زۆر نمونەی دیکە، یاخود ناوێک کە تەواو پێچەوانەی ناوەکەی بەرامبەر بێت، وەک (شەو- ڕۆژ، تەڕ- وشک، ڕەش- سپی و هتد).

دژیەک، لە زانستیی ڕەخنەسازییدا، پێناسەکراوە بەوەی "بریتییە لە کۆکردنەوەی شت و بەرانبەرەکەی، یان دو دژ لە ئاخاوتنێکدا" (مستەفا، ٢٠١١: ٢٩٣).

زانایەکی بواری زمانەوانیی نوێ بەو جۆرە لە دژیەک دەڕوانێت، کە "وەک زانراوە واتایەکی دژبەیەک لە تاکە وشەیەکدا، بەردەوام جیل بۆ جیل هاتوە و ماوەیەکی دور و درێژی بەسەردا تێپەڕیوە و خەڵکان بەکاریهێناون، بەبێ ئەوەی ئەو وشەیە هیچ جۆرە گرفت و بێزارییەک لەدوای خۆی جێبهێڵێت، نەک هەر ئەوە زۆرجار جوانیی و بەهای بە وشەی بەرامبەریش بەخشیوە" (علیوی، ٢٠٢٠: ٢٨٥).

لەو پێناسانەی بۆ دژیەک کراون، دەتوانین چەند جۆرێک دەستنیشان بکەین:

١- دژیەکی تەواو: "ئەمجۆرەیان جێگیرە و بژاردەی سێیەمی نییە، بۆ نمونە، کە دەوترێت فلانکەس مرد، واتە تەواو زیندو نییە" (الخولی، ٢٠٠١: ١١٧).

٢- دژیەکی پلەبەپلە: ئەمجۆرەیان" دژیەکی هەڕەمییشی پێدەگوترێت، چونکە پلەبەپلە سەرکەوتن یان داکەوتنی شتێکە لەناو بازنەیەکی دیاریکراودا، وەک وەرگرتنی پلە جیاوازە سەربازییەکان" (عمر، ١٩٩٢: ١٠٣).

جۆرەکانی دیکە وەک (دژیەکی پێچەوانە بە نمونە کڕین و فرۆشتن) و (دژیەکی بازنەیی بەنمومە بەدوای یەکدا هاتنی ڕۆژەکانی هەفتە و مانگەکانی ساڵ) و (دژیەکی ئاڕاستەیی بەنمونە ئاڕاستەکانی باکور و باشور و سەر و خوار و ڕاست و چەپ).

**١-٢/١-١) دژیەکیی لە ڕەوانبێژییدا:**

دژیەک، لە ڕەوانبێژییدا بەو شێوەیە پێناسەکراوە، کە "کۆکردنەوەی دو واژەی دژ بەیەکە لە واتادا" (سلوم، علی، ٢٠١٤: ٢٣٥). دژیەک، یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی، کە یەکێکە لە سێ لقە سەرەکییەکەی ڕەوانبێژیی (واتاناسیی، رونبێژیی، جوانکاریی) و "ئەم هونەرە گۆڕەپانێکی گەورەی لە شیعری شاعیران گرتوە و توانای زۆری ئەو شاعیرانەی دەرخستوە لە بایەخدان بە ڕوخساری شیعر" (گەردی، ٢٠١٣: ٣٢٤).

"تێنەگەییون خەڵکی دونیا وا بە ڕاست و چەپدا

گاڵتە بەم خەڵکە ئەکا، کردونییە داری هەلوک" (حەمدی، ٢٠١٣: ٤٧٥).

(ڕاست و چەپ) دژیەکیی لە هۆنراوەکەدا خوڵقاندوە و جۆری دژییەکییەکەش (دژیەکیی ئەرێ)یە، کە بەهۆی ئامرازێکەوە دژیەک دروستنەبوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ و لە خودی فەرهەنگی زمانەکەوە دو وشە دژبەیەکەکە وەرگیراون.

دژیەک، "وەک یەکێک لە هونەرەکانی جوانکاریی واتایی تەماشا دەکرێت، واتە لەگەڵ هەڵگەڕانەوە و پێچەوانەکردنەوەی مەبەستی شیعریی، ئەرکێکی دیکەشی هەیە کە ئەوییش لایەنی ئیستاتیکی وێنە و دەقی شیعرییە" (ئەحمەد، ٢٠١٩: ٤٧). ئەم هونەرە بەرزەی ڕەوانبێژییش لە بەشێک لە بەیت و هۆنراوەکانی (حەمدی ساحێبقڕان)دا ڕەنگیداوەتەوە.

**٢-٢/١) دژیەکیی بیرکردنەوە:**

بیرکردنەوە، پرۆسەیەکی گشتگیرە کە زیاتر پەیوەستە بە ئاستی زیرەکیی و ژیریی و خەیاڵکردنی تاکەوە، لەسەر هەمو ڕەهەندە جیاوازەکانیی نێو جیهانیی دەرونیی مرۆڤ و جیهانی دەرەکیی تاکەکانەوە.

بیرکردنەوە، "دیاردەیەکی ناوەکیی و هەستپێنەکراو و ئەبستراکت و ڕوت و گریمانەییە، واتە کەس ناتوانێت لە ڕێی هەستەوەرەکانییەوە درکیان پێبکات، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی شوێنەوار و کاریگەرییەکانییەوە هەست بە بونی دەکەین" (قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ٢٥٢).

سەبارەت بە دژیەکیی بیرکردنەوە یان بیرکردنەوەی دژبەیەک، ئەو بار و حاڵەتەیە، کە وا لە مرۆڤەکە دەکەن بەردەوام گۆڕان بەسەر بیرکردنەوە و بۆچونەکانیدا بێت و لەسەر بۆچونێکی جێگیر نەمێنێتەوە و هەمیشە لە جێگۆڕکێ بێت، ئەمەش "حاڵەتێکی شاراوەی دەرونیی و خودییە، کە لەڕێی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و هەندێکجار لەڕێی کاردانەوە و وەڵامەکانی بۆ حاڵەت و بارێکی لەناکاوی دەرەکیی یان ئاگادارکەرەوەیەکی کتوپڕ، دەردەکەوێت" (جعفر، ٢٠٠٩: ٤).

دژیەکیی بیرکردنەوە، لە بنەڕەتدا خۆی لەو گۆڕانە چەندییەتییەدا دەبینێتەوە کە لە ماوەکانی ڕابردودا لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کەسەکەدا بونی هەبوە و ئێستا گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هاتوە و پێچەوانەی ئەوە ڕەفتار دەکات، بەجۆرێک هەندێکجار لە دژی بۆچونەکانی ڕابردوی خۆی دەوەستێتەوە و نکۆڵی لەوە دەکات پێشتر بەو شێوەیە ڕەفتاری کردبێت و بۆچونەکانی دەربڕیبێت.

بۆ بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەیەکی تەندروست، لە ئاستی هزری و زانین و فەلسەفەدا، هەمیشە پێویستمان بە ئاست و ئاڕاستە جیاوازەکانی بیرکردنەوەیە؛ هەر لە کتێبە ئاسمانییەکان و ئایدۆلۆژیا زەمینییەکان و هەر لە فەلسەفەی خۆرئاواوە

تا دەگاتە بیریارانی ڕۆهەڵات، هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بیرکردنەوە جیاوازەکان هۆکارن بۆ گەشەسەندنی ئاستی هۆشمەندی تاک لە کۆمەڵگادا و بە ئاراستەیەکی تریش هۆکارن بۆ پیکەوە ژیان.

بە پێچەوانەی تێگەیشتنی باوەوە، کاتێک پێیوایە جیاوازیی لە بیرکردنەوە یان دیدگای جیاواز لە بیرکردنەوە هۆکارن بۆ لەدایکبونی توندوتیژیی؛ ئەگەر لە دو ئاراستەی جیاوازەوە قسە لەسەر ئەم ڕەهەندە بکرێت، لەوە تێدەگەین یەکەمیان ئاراستە فەلسەفییەکەیەتی و جەختدەکاتە سەر ئەوەی، ئەگەر هەمومان وەک یەک بیربکەینەوە، کەواتە بیرناکەینەوە.

لە ناو پەرتوکە ئاسمانییەکانیشدا بە ئاراستە دینییەکەی "لا اکراه فی دین" (البقرة: ٢٥٦). یاخود "لکم دینکم ولی دین" (الکافرون: ٦). یان " ولا یزالون مختلفین- الا من رحم ربک ولذالک خلقهم" (هود: ١١٨-١١٩). جەختکردنەوەیە لەسەر ئەم جیاوازییەی بیرکردنەوە و تێڕوانین.

لە ناو خودی کەسایەتییەکیشدا، بەهەمان شێوە ئەو ئاراستە جیاوازانەی بیرکردنەوە بونی هەیە، بەتایبەتی بۆ نوسەر و ئەدیب و شاعیر و کەسایەتییە داهێنەرەکان؛ هەمیشە کەسایەتیی داهێنەر دوجۆر کەسایەتیی هەیە؛ کەسایەتییەک کە لە نێو بیرکردنەوەی گشتییدایە و وەک مرۆڤێکی ئاسایی مامەڵە دەکات، پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە، پرسیاری نائاسایی نییە لە کۆمەڵگادا، بیرکردنەوەکانی بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانەی بەمئاراستەیە دەڕوات.

بەڵام کەسایەتیی دوهەمی، کە کەسایەتییە داهێنەرانەکەیە، کە لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکانییدا بونی هەیە، ئەگەر شاعیربێت لە نێو دەقە شیعرییەکانییدا، ئەگەر ڕۆمانوسبێت یان چیرۆکنوس، لەنێو ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی کە دروستیدەکات.

سادەترین ڕوانین و هەڵسەنگاندن بۆ بیرکردنەوەی دژیەک، لەنێو کەسایەتیی ئەدیب و نوسەرێکدا شتێکی سروشتییە و گەشەیەکی ئۆرگانییە بەپێی قۆناغە سروشتییەکانی گەشەکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤ دروستدەبێت.

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئێمە دەق ئەدەبی بەو تێگەیشتنە هەڵسەنگێنین، کە هەمو دەقێکی ئەدەبیی لەدایکبوی ساتەوەختێکی مێژوویی، ڕوداوێکی تایبەتمەند، هەستێکی تایبەتیی ئەدیبە بەرامبەر بە دیاردە و بار و ڕوداوێک، کە دەیبینێت، یان هەر شتێک، وا دەکات پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە (زەمەن- کات)ەوە هەبێت و بۆیە هەمو کاتەکان لە مێژودا هەڵگری ئاماژەی جیاوازن و پێویستی بە بیرکردنەوەی جیاواز هەیە.

ئەگەر خوێنەر لەسەر بیرکردنەوەی دژیەکیی کەسایەتییەکی نوسەر یان ئەدیبێک بوەستێتەوە، ئەوە تێبینیی دەکات، کە ئەمە جۆرێکە لە حاڵەت و بارێکی ئاسایی، چونکە دەکرێت بە نمونە ئەدیبێک لە قۆناغێکدا بەجۆرێک (نیشتمان)ی بینیبێت، لە قۆناغێکی دیکەدا بەجۆرێکی تر ببینێت. لە قۆناغێکدا بە جۆرێک لە ماهیەتی (ژن)ی ڕوانیبێت، لە قۆناغێکی دیکەدا (ژن) بە جۆرێکی تر ببینێت؛ نمونەی ئەمجۆرەش لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا بونی هەیە، تادەگاتە ئەدەبیاتی نوێ و هاوچەرخی کوردیی، نەک هەر ئەوە لە ئەدەبیاتیی جیهانیی و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیشدا بونی هەیە، ئەمجۆرە لە بیرکردنەوەش پێیدەگوترێت (قۆناغی گۆڕانکاریی) یاخود (قۆناغی کودەتا لە بیرکردنەوە)دا.

**٢) ڕەهەندی ململانێ و دژیەکی بیرکردنەوە لە ئەزمونی شیعریی (حەمدی ساحێبقڕان)دا:**

**١/٢) ڕەهەندی ململانێ و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی (حەمدی)دا:**

ململانێ و دژیەکیی، دو چەمکی کاریگەرن لەنێو دنیای ئەدەبدا، کە هەریەکەیان جێکەوتەی گەورەیان لەسەر دەوڵەمەندکردنی ئەزمونی ئەدەبیی نوسەر هەیە؛ ئاماژەشە بۆ ئەوەی ئەو نوسەرە، خاوەنی دیدگای جیاواز و دەوڵەمەندە بەرامبەر بەو ژینگە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایدۆلۆژییەی، کە لە دەوروبەریدا بەرجەستە بوە، لە بەشی دوەمی ئەم

توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت ئەوە ڕونبکرێتەوە، کە چەمکەکانی ململانێ و دژیەکیی لە ئەزمونی شیعریی (حەمدی) یدا، بریتیی نین لە دیاردەیەکی نەرێنی، کە کاریگەریی نەرێنی بکاتە سەر ئەزمونی شیعرییەکەی، بەپێچەوانەوە دەمانەوێت ئەوە ڕونبکەینەوە، بونی ئەم دو ڕەهەندەی ململانێ و دژیەکیی لە بیرکردنەوەدا، دیاردەیەکی ئەرێنیین و هۆکارن بۆ داهێنانێکی ئەدەبیی ناوازە لە ئەدەبیاتیی کوردییدا؛ هەرچەندە ڕەهەندی ململانێ و دژیەک، دو ئەرکی جیاواز و دو ئاماژەی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەردوکیان هۆکارن بۆ دروستکردنی داهێنانی جیاواز لە ئەزمونی شیعرییدا. دەتوانیین ڕەهەندی ململانێ لە هۆنراوەکانیی (حەمدی) یدا، بۆ ئەمجۆرانە دابەشبکەیین.

**١-١/٢) ململانێی خودیی:**

حەمدی، لە هەندێک دەقی شیعریی خۆیدا و لەناو یەک دەقی ئەدەبییدا، دو بۆچونی جیاواز دەخاتەڕو، کە لەنێوان دو دۆخی ناتەبای دەرونییدایە و دەکرێت ئەم دۆخی ناتەبایی دەرونییە لە ئەزمونی شیعریی (حەمد)یدا وەک ململانێی خودی و دەرونیی شاعیر لەگەڵ خۆیدا وێنای بکەین. بەنمونە:


"من لەڕێی عەشقا بە پیریی کەوتوم وەک داری شەخس

شاخی ئومێدم خەریکە دەربکا تازە چرۆ" (حەمدی، ٢٠١٣: ٤١٧)

لە وەرگرتنی ئەم دەقەی شاعیردا، ئەوە ڕوندەبێتەوە (حەمدی) لە تەمەنێکی پیریدا، بە خەیاڵێکی گەنجانەوە و بە ئومێدەوە بۆ شتەکانی دەروبەری دەڕوانێت، لەم دەقەدا دژیەکیی و ململانێ هەیە، (پیریی) قۆناغی نائومێدییە، بەڵام ئەم (شاخی ئومێد)ی بنیاتناوە. ئەمەش دیاردەیەکە بەتەنیا داهێنراوی (حەمدی) نییە، بەڵکو لەئەزمونی شیعریی (مەحوی)یشدا بەدیدەکرێت، کاتێک دەڵێت:

"لە پێ کەوتوم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ

لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێدەگرم" (مەحوی، ١٣٩١: ٢٩٦)




لە زانستی دەروناسییدا، وەها وێنادەکرێت کە تەمەنی (پیریی) تەمەنی (نائومیدی)یە، بەڵام حەمدی لەو تەمەنە پیرییەدا، نەک هەر ئومێدی هەیە، بەڵکو ئەو (ئومێد)ەی لە ناخ و دەرونی خۆیایەتی هێندە گەورە و بەرزە وەکو (شاخ)ێک وێنای دەکات. هەر ئەم ئومێدە زۆرەشە وادەکات، چرۆی عەشق و خەیاڵی (ماچ) ببنە کەرەستەیەکی ئەدەبیی و لە ڕوپەڕی دیوانەکەیدا ڕەنگبدەنەوە.

"یارەب چ خۆشە (حەمدی) لە باغی جەمالیا

وەک گوڵچنان کە کەوتوەتە سەر بژاری ماچ" (حەمدی، ٢٠١٣: ٢٧٩).

لە تێکستێکی تردا، کە سەرلەبەری پێچەوانەی هۆنراوەکانی پێشوە و تەواو دژی دنیاویستییە و شەڕی شاعیرە لەگەڵ ژیاندۆستییدا، ئەو شاخە ئومێدەی، کە بونی خۆی لەسەر بنیاتناوە وەک جۆرێک لە فریوخواردن بە دنیا و جوانییەکانی

وێنادەکات، ئەمەش پارادۆکسێکە لەنێوان دونیاویستیی و دونیانەویستییدا و ناسەقامگیریی خودیی و ناوەکیی نێو ناخی مرۆڤە، کە بەردەوام و تا ئەبەد بونی هەیە و کۆتایی نایەت.

"بۆیە من مەستیم لە هۆشیاری گەلێ پێخۆشترە

ئەم خەراباتە کە هۆشیاری لە مەست سەرخۆشترە

سەیرە هەرکەس ڕو دەکاتە ئەم خەراباتەی وجود

کاسەکەی هەرچەندە پڕتر بێ ئەوەندە بۆشترە" (حەمدی، ٢٠١٣: ٤٧٢)

ئەم وشانە، کە لە هۆشیارییەکی قوڵەوە دەربڕدراون، بەتەنها لە پێناو چێژبەخشیندا نەوتراون، بەڵکو زادەی ئەو ڕاستییە مێژویی و قوڵە وجودییەن، کە بەردەوام سێبەری گومان لەسەر ئەو تەمومژە دڵنەواییدەر و سەرخۆشکەرانەدا دادەنێن، کە وەهمە زانراوەکانی واقیع کاڵ دەکەنەوە. شاعیر دەیەوێت بڵێت (مەستبون) جۆرە ڕزگاربونێکە لە ستەمی خود، ئەو ستەمە بەردەوامەی کە تا چاوی هۆشیاری بڕ بکات لە ناوەڕۆکێکی تەڵخ و گوماناوی زیاتری بۆ نایەتەدی.

(ئەم خەراباتە کە هۆشیاری لە مەست سەرخۆشترە) چ ئاوەژوکردنەوە و پارادۆکسێکی تایبەت و سەیرە. پارادۆکسێک کە بە ڕاستگۆییەکی مەعریفی زۆرەوە، هەمو ئەو وێنە ئاسودەییهێنەرانەی کە ڕۆحمانی تێدا ساختە کراوە، دەشێوێنێتەوە. لە ڕاستیدا جۆرێک لە مەستی لەناو خۆیدا هەڵگرتوە کە لە مەستیی هەر مەیەک بەهێزتر و سەرخۆشکەرترە. لێ لەناوبردنی ئەم خودە مەست و سەرخۆشە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەهمانەی کە پێکیانەوە لکاندوە، لەبەردەم گەردونێکی فراوان و بێباکدا، ڕوت و دەستکورت دەمانهێڵێتەوە.

چەند هاوکێشەیەکی سەیرە، هەمومان بێئەوەی بزانین بۆچی ڕومان لەم جێگە پڕ فەنابون و پرسیارە کردوە. ئێمە لەم وجودە نەزانراوەدا بەدوای زانین و ڕۆشنگەریدا دەگەڕێین، باوەڕمان وایە کە ڕزگاربون لە تێگەیشتندایە، بەڵام تا قوڵتر دەچینە ناو نهێنییەکانی بونەوە، تا زیاتر فێربین زیاتر تێدەگەین، چەندە کەم دەزانین، زیاتر ڕوبەڕوی بازنەی بەتاڵ دەبینەوە و زیاتر دنیا بەدەستمانەوە دەبێت بە هیچ. بۆیە ئەم گەڕانە بەدوای مانادا دەبێتە کردەیەکی خۆ لەناوبردن، چونکە دواجار هەمو بنیاتەکان دەتوێنێتەوە و لە حاڵەتێکی پڕ لە سەرسوڕمانی وجودیدا، کە چوارگۆشەی یەکەمە، دەمانهێڵێتەوە. کەچی هەر ئەم کردەیە لەگەڵ هیچییەتەکاندا ئێمە بەرەو پێشەوە دەبات و ناچارمان دەکات بەدوای بەرزایی هۆشیاری نوێ و تێگەیشتنی زیاتردا بگەڕێین.

کاسەکەی هەر چەندە پڕتر بێ ئەوەندە بۆشترە، ئەمە خەسترین جۆری پارادۆکسەکەیە. چونکە هۆشیاری، لە بەرزترین ئاستی خۆیدا، هەمو ئەو بۆشاییە پڕ لە ناکامڵییانەمان پیشاندەدات، کە بون و وجودی لەسەر بنیاتنراوە.

بەمجۆرە، ئێمە دەبین بە دژیەکییەکی بەردەوام لە سێبەر و ڕوناکی، گەڕان و سەرگەردانی، مانا و وەهم، زوتێپەڕی و ئەبەدی، خەون و واقیع، لێرەبون و مردن، پڕبون و بەتاڵبونەوە، هۆشیاری و مەستی. لێ هەردو حاڵەتەکە، تەنانەت ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت، دەبنە مایەی هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی شتە ئاساییەکان و دەست گەیشتن بە شتە باڵاکان، وادەکەن هەمیشە بجوڵێین، هەمیشە تامەزرۆیین.

"تێنەگەییون خەڵکی دونیا وا بە ڕاست و چەپدا

گاڵتە بەم خەڵکە ئەکا، کردونییە داری هەلوک" (حەمدی، ٢٠١٣: ٤٧٥).

شاعیر، لەو دۆخی دونیاویستییەی لە هۆنراوەی (باغی جەمال)دا، چەند دڵخۆشە بەوەی کەوتوەتە سەر گوڵچنینەوەی ماچ و لە قوڵایی دنیاویستییەوە، دێتە سەر دۆخی ململانێی خودی خۆی و ڕەتکردنەوەی چوانیی و

حەزەکانی دنیا و بەوجۆرە لە دنیا دەڕوانێت، کە دنیا گاڵتە بە مرۆڤەکانی ناوی دەکات و هیچکات مایەی ئەوە نییە مرۆڤی ژێر دڵپێخۆشبکات.

کەواتە ڕوندەبێتەوە، شاعیر وەکو مرۆڤ هەمیشە لە دۆخێکی دەرونیی ناتەبای پڕ ململانێدایە لە نێوان دنیاویستی و دنیانەویستیدا، یان لە دۆخی ئومێدێکی باڵا و دۆخی نائومێدییدا.

**٢-١/٢) ململانێی ئاینیی:**

ئەم ململانێیە لای شاعیرەکان هەندێکجار دەگاتە دۆخی باڵا بەجۆرێک هەر خودی شیعر یەکێکە لە چەکە کاریگەرەکانی دەستی شاعیرەکان بۆ خستنەڕوی ململانێی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئاییینی و وەستانەوە دژی هەر نادادییەک، کە کۆمەڵگا بەرەو ئاڕاستەی لێکترازان و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە ببات.

حەمدی، وەک شاعیرێکی باوەڕدار لەهەمانکاتدا دژ بە چینێکی دیاریکراوی ئاییینی کۆمەڵگاکەی، چینێک کە باوەڕداریی و ئیمان تەنیا لە ڕوکەش و سیمادا دەبیننەوە و لە کرۆک و ناوەڕۆکی باوەڕ و ئایین تێنەگەیشتون؛ دەکەوێتە ململانێوە و هەوڵدەدات لەڕێی شیعرەکانییەوە دژیان بوەستێتەوە، لەهەمانکاتیشدا شاعیرێکی دوربین بوە و زانیویەتیی بەهۆی ئەو شیعرانەوە ڕەنگە مۆرکی بێباوەڕی پێدا داببڕن، بۆیە هەر خۆی پێش ئەو تۆمەتانە لە چوارینەیەکدا دەڵێت:

"حەمدی خوا ئەکەم، بەسە بۆ ئیفتیخاری من
دیوانییان لە مەجلیس ئەکەن ئینتیزاری من
یەک ڕوپەڕەی جوابی سوئالی مەلەک ئەدا
دیوانەکەم کیفایەتە بۆ سەر مەزاری من" (سەرچاوەی پێشو: ٢٧٠)

هەردو چەمکی (عاشق و سۆفی) لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییدا، بەشێکی زۆریان لە تێکستەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی بۆ خۆیان بردوە، لێرەدا لەسەر ئەو دو چەمکە ناوەستین و لە توێژینەوەی تردا زۆریان لەسەر نوسراوە، ئەوەی کە گرنگە لە ئەزمونی شیعری (حەمدی)دا، دۆخی ململانێی نێوان (عاشق و سۆفی)مان نیشاندەدات و شاعیر لە شیعرێکدا، جیاواز لە تەرزی باوی بیرکردنەوە وێنەی (عاشق) وەکو (مەلەک- فریشتە) نیشاندەدات و (سۆفی)ش وەکو (شەیتان) وێنا دەکات؛ بەهەمان شێوە (ئەهلی بادە) و (سەرخۆشی مەیخانە) وەک (مرۆڤ) نیشاندەدات و (شێخی تەکیە) بە (حەیوان) دەچوێنێت، تەنانەت هێندە بە سەرزەنشتەوە باسی (زاهید) دەکات، کە سیفەتی (گوێدرێژ- گوێلەقاندن) دەداتەپاڵی و دەڵێت ئەو هیچ لە ڕازی عەشق و پەنهانییەکانی ڕێگەی حەقیقەت نازانێت و ژیرییەکەی هێندە نییە درک بەو شتانە بکات، بەمەش چاک لێی تێگەیشتوم، کە ئەمە زاهید و دنیانەویست و (کەمخۆر و کەمدو) نییە، بەڵکو هەمو ئیش و کارێکی بە تەنیا بریتییە لە (نانخواردن- زۆرخۆریی). لێرەدا دیاردەی پێچەوانەبونەوە و دژیەکیی و ململانێ هەیە، کە (زاهید) خۆی لە بنەڕەتدا واتە خۆدورگرتن لە چێژ و خۆشییەکانی دنیا، کەچی ئەم (زاهید)ەی کە حەمدی، ڕازی عەشقی خۆی دەباتە لای نەک هەر زاهید نییە بەڵکو بەهۆی زۆرخۆریی و چێژو خۆشییەوە (ملپان) و (خاڵییە لە مەعریفە).

"عاشق و سۆفی لە خوڵقا ئەم مەلەک شەیتانە ئەو
پیری بادە و شێخی تەکیە ئەم بەشەر حەیوانە ئەو
ڕازی عیشقم بردە لای زاهید وەکو کەر گوێی لەقان
حاڵی بوم خاڵی بو ملپانە خەریکی نانە ئەو" (حەمدی، ٢٠١٣: ٢٧٩).

لە دیدگای شاعیردا، ڕوئیای (زاهید-شێخ-سۆفی)ی سەردەمەکەی تەنیا (نان و تێربون)ە و خاڵین لە بیرکردنەوە و ژیریی، ئەمەش شاعیری خستوەتە دۆخێکی سەختی بیرکردنەوەوە و لەهەمانکاتیشدا توانیویەتیی بە بوێرییەوە ململانێی چینێکی گەورە و دەستڕۆیشتوی سەردەمەکەی خۆی بکات و مەترسیی بۆ سەر پێگە و ناوبانگ و ژیانیی خۆی دروستبکات.

لە شیعرێکی تردا، (سۆفی) دەباتە ئاستی (جو)، بە تەنز و گاڵتەپێکردنەوە دەڵێت مەلاکانیان ڕیزیان بەستوە بۆ ملپانکردن و ئەمەش عەیبە و نەنگییە کە مرۆڤ بیەوێت لەو ڕێیەوە بەهەشت بەدەست بهێنێت و پێویستە تا زوە لەو قافڵەی نەزانییە مرۆڤ ژێر دەربچێت، ئەگینا ئەو لێشاوە وەک لافاوێک ئەمیش ڕادەماڵێت و دەیانکات بە هاوئاستیی یەک.

"گەلێ ملپان و سەرزل توشی من بون

وەهام زانی کە سۆفین سەیر ئەکەم جون

مەلا ملیان کە نا کەوتنە درێژە

هەتا زوکەی درەنگە چاری دەرچون

بلێ بەو خواپێداوانەی دەریدۆست

لەوێوە عەیبە بەخوا بۆ بەهەشتچون" (سەرچاوەی پێشو: ٤٠١).

ململانێی (حەمدی)ی لە ناو خودی لایەنگران و شوێنکەوتوانی ڕێبازێکی نێو ئیسلامە، کە ڕوکەشگەرایی شوێنیکەوتون و نەیانتوانیوە ڕۆبچنە نێو قوڵایی ئایینەکە و ئەوەی لێیان داوادەکات، بەمەش شاعیر ئەمەی پێقبوڵناکرێت و هەوڵدەدات لەڕێی شیعرەوە بکەوێتە ململانێیەکی قوڵی فکرییەوە لەگەڵیان و بە بەڵگەی عەقڵی بۆیانڕون بکاتەوەی ئەو ڕوکەشگەراییەی ئەمانی لەسەرن ڕێگا ڕاستەکە نییە و تەنیا خۆتێرکردن و فریودانی خەڵکە.

**٣-١/٢) ململانێی سیاسیی:**

لەساڵی (١٩٢٣) و لە پێکهێنانی حکومەتەکەی (شێخ مەحمو)دا، کاتێک (حەمدیی ساحێبقران) پێی وایە گەندەڵیی و نادادیی، دەگاتە ئاستێک کە ئیتر توانایەک بۆ ئارامگرتن نامێنێ، شیعری (بۆ ئیدارەی کوردستانی خوارو) دەنوسێت و دەکەوێتە هەڵماڵینی پەردە بەڕوی ناعەدالەتیدا، کە ڕەنگە هەر (حەمدی و پیرەمێرد) توانیبێتیان بەو شێوەیە و بێترس و سڵەمینەوە گوزارشت لە سیستمی سیاسیی سەردەمەکەی خۆیان کردبێت؛ بەجۆرێک ئەگەر شاعیران لە ڕەخنەگرتن و ناوهێنانی نزیک و کاربەدەست و چواردەور و خاوەن ئوموری سەردەمەکەیان سڵیانکردبێتەوە و بە ناوی نهێنیی و خوازە و ڕەمز، ئاماژەیانپێدابن و گوزارشتیان لێکردبن، ئەوا (حەمدی) لەم هۆنراوەیەدا، زۆر ڕون و ڕەوان ناوی تەواوی ئەندامانی (تەشکیلاتی وەزارەتی) کردوە و هەریەکەیانی بەر توانج و ڕەخنەی خۆیداوە و لەناو هۆنراوەکەیدا (ناو)ی هێناون:

"ناعیلاجم ئیسم و شوهرەت باس ئەکەم عاجز مەبن

تا ببینن شکڵی وەزعیەت بەجارێ قاریئین" (حەمدی، ٢٠١٣: ١١٨).

حەمدی، لەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی و خەمخۆرییەوە، لە هەستکردن بە نادادییەکی زۆر و لەتوانابەدەرەوە ئەم هۆنراوەیەی نوسیوە، نادادییەک وایلێکردوە کە بەوجۆرە لەحاڵی حکومەتو مەملەکەتی ڕوانیبێ و ئەو ڕاستیەشی بەدروستیی دیوە، کە کەسانی ناشایستە لەو (تەشکیلاتە وەزاری)یەدا جێگەی باڵایان پێدراوە و باسی کەسانی ناشایستەی کردوە، کە لەبنسێبەری ئەو دامودەزگایەدا پێگەیشتون. لەکاتێکدا "کە ئینگلیز عێراقی گرتوە، ئەم یەکێک بوە لە ئاژاوەچییەکانی دەوری شێخ مەحمود و بۆ بەرزبونەوەی خاکی کوردستان لە هاتوچۆدا بوە. کە شێخ مەحمود بەدیلکراوە و براوە بۆ هندستان جێگەی ئەم کەژ و کێوەکان بوە و ئاسمانی داوە بۆ خۆیا و زەوی کردوە بە ڕایەخی کە شێخ مەحمود

هاتەوە و حکومەتی کوردستان دامەزرا ئەم لە ساڵی (١٩٢٢-١٩٢٣) بو بە ڕەئیسی گومرگ، لە پاشا لەبەر ڕێنەکەوتن لە هەندێ بیروباوەڕدا ئەو میانەیەیان لەگەڵ شێخ مەحمود دا نەما و لێیتەکییەوە" (سەججادی، ١٣٩١: ٤٦١-٤٦٢).

"باسی تەشکیلاتی ثانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین

کەمترین بو گەورەتر هەم گەورەتر بو کەمترین" (سەرچاوەی پێشو: ١١٨)

بەکارهێنانی زاراوەی (پیکەنین) لە شیعرەکەدا ئاماژەیە بۆ تانەدان و ئاڕاستەکردنی کەموکورتی لە حکومەتەکەی (شێخ مەحمود)دا، بەوەی کە کەسی نەشیاو لە شوێنی بەرز و شیاو دانراوە و بەپێچەوانەکەشیەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو دۆخی ململانێیەیە کە شاعیر لەگەڵ حکومەتەکەی شێخ مەحمود دا هەیبوە، هەر بە نمونە (باجی ڕەحمە) ناوێک کە چێشتلێنەر و خزمەتکاری ماڵی شێخ بوە، قسە بەرەواج و خاوەن پێگە بوە و لە زۆر باردا قسەی پێش قسەی کەسانی بەئەزمون خراوە و شاعیریش ئەمدۆخەی وەک ڕیزی هەڵپەرکێ وێناکردوە، کە (باجی ڕەحمە) هەمیشە لە ڕەشبەڵەکی ئەم حکومەتەدا (سەرچۆپی) بەدەستە و لەبەر ئەو هیچ کەسی تر ناتوانێت (سەرچۆپی) بگرێت. (سەرچۆپی) ئیدیەمی (قسەڕۆشتوی)یە، واتە لەبەر ڕەواجی قسەی ئەو، کەسی تر بۆی نەبوە پێشنیار بکات و بیرکردنەوە و ڕای خۆی هەبێت، کە ئەمەش بۆ تەشکیلاتی حکومەتەکە نەنگییە.

"جائزە بۆ میللەتو کوردایەتی بێ ڕەش بەڵەک

باجی رەحمە بێقەزابێ نایەڵێ ڕێک هەڵپەڕین" (حەمدی، ٢٠١٣: ١١٨).

شاعیر دەڵێت لەبەر ئەمەشە، کە کەسانی باش و بە ئەزمون لە ناو حکومەتەکەدا شوێنیان نەبوەتەوە و پەراوێزخراون و ئەمەش وایکردوە، تەنیا کەسانی خراپەکار و کەمئەزمون شوێن ئەو حکومەتە بکەون و کەسانێک کە خەمخۆر و دڵسۆزبن بە هی خۆیانی نەزانن.

"تابعین ئەلواط و هەرزە قاتیل و دزبون هەمو

ئەهلی ویژدان و شەریف و تێگەیشتو مونکیرین" (سەرچاوەی پێشو: ١١٩).

تا لە کۆتایی قەسیدە شیعرییەکەیدا بە دوعایەک دۆخی ململانێ و ناکۆکیی شاعیر لەگەڵ ئەو (تەشکیلات)ەدا دەردەکەوێت و داوادەکات هەموان بڵێن (ئامین) بۆ دوعایەک کە هەرکەس بەهەشتی کوردستان و گوڵزاری نیشتمان بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ و وێرانە ببات.

"ڕەبی موی لێ بێ زمانی و پەنجەکانی هەڵوەرێ

هەرکەسێ گوڵشەن بەچەشنی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ" (حەمدی، ٢٠١٣: ١١٨)

## ٢/٢) دژیەکی بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی (حەمدی)دا:

دژیەکی بیرکردنەوە، بەتایبەتی لە ئاڕاستە سیاسییەکەیدا؛ بە ڕون و ئاشکرایی لای (حەمدی) ی بەدیدەکرێت؛ هەندێک پێیان وایە ئەمە نابێتە نەنگیی بۆ کەسێتیی ئەو شاعیرە، چونکە بە نمونە لەسەردەمی دەستەڵاتدارێتی (مەلیک مەحمود)، لەکاتی تەنگانە و شەڕدا لەگەڵ (شێخ)دایە و داکۆکیی لێدەکات، بەڵام لەکاتی دەستەڵاتدا چاوپۆشی لە کەموکورتیی و ناحەقیی ناکات، واتە شاعیرێکی هەلپەرست نییە و ئاوێنەی ڕوداوەکانی ئەو قۆناغەیە و شیعرەکانی تۆمارێکی مێژویین، کە وەک دەلاقەیەک ئاییندەبینی و دوربینیی شاعیر دەردەخەن؛ هەروەها "حەمدی ساحێبقران بەهیچ جۆرێک دوژمنایەتی لەگەڵ شێخ مەحموددا نەبوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە حەمدی سەرۆکی شارەوانی بوە لە سلێمانی و خزمەتێکی زۆری خێزانی شێخانی کردوە لە دەربازبونیدا لە سلێمانی لە دوای شەڕی دەربەندی بازیان و هاتنەوەی ئینگلیزەکان، کە دەستیان بەسەر سلێمانیدا گرت" (هاوار، ١٩٩١: ٨٥٤).

دکتۆر مارف خەزنەداریش پێی وایە حەمدی "ئەگەر ستایشی شێخی کردبێت ڕاستگۆ بوە، ئەگەر ڕەخنەشی لێگرتبێت دیسان ڕاستگۆبوە لەهەردو باردا شێخ بەڵگەی داهێنانی شیعری حەمدی بوە و بە چاکە بۆ سامانی نەتەوایەتی گەڕاوەتەوە و شیعری بەرز کەوتوەتە دیوانی شیعری زمانی کوردییەوە" (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٣٠٣).

بەڵام کاتێک سەیری نمونە شیعرییەکان دەکرێت، دەبینرێت شاعیر دژیەکیی لە بیرکردنەوەی بەرامبەر دیاردە و ڕوداوەکان و خودی کەسایەتییەکان هەیە و ناسەقامگیرییەک بەدیدەکرێت، لەنێوان ئەو هەڵوێستانەی کە بە شیعر لەو سەردەمەدا دەریبڕیون، کە ماوەی دەربڕین و گوزارشتکردن لەو هەڵوێستانەی ماوەیەکی درێژ نییە و زۆرجار ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕیوە و دو هەڵوێستی دژبەیەک و دو بیرکردنەوەی جیاواز لە نێو هۆنراوەکانییدا ڕەنگیداوەتەوە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕو:

کاتێک (شێخ مەحمود) دوردەخرێتەوە بۆ هیندستان، حەمدی ساحێبقڕان، لەگەڵ کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی تری کورد، لەسلێمانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئینگلزیەوە، دەستگیردەکرێن و پاشتر ئازاد دەکرێن. دواتر حەمدی، سلێمانی بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە گوندەکانی نێوان کوردستانی ئێران وعێراق و لەوێ دەژی و ئامادەنابێ جارێکی تر خۆی تەسلیمی دەسەڵاتدارنی عێراق و ئینگلیز بکاتەوە، تا گەڕاندنەوەی شێخ محمود لەهندستانەوە بۆ کوردستان. حەمدی ماوەیەک لە کابینەکەی شیخ مەحمود وەزیر بوە، هەربۆیە پاش ڕوخانی حکومەتەکەی شێخ و دور خستنەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئینگلزییەوە، لە شیعرێکدا هەستی ئەم کۆستە گەورەیەی خۆی دەردەبرێت و لە کۆپلەیەکیدا، دەڵێت:

"وەک مەدینە بێ نەبی بێ، یان نەجەف، بێ بێ عەلی
شاری خەزنە، ئێستا بێ مەحمودە، وەک داریکەلی" (حەمدی، ٢٠١٣: ٣١١).

لەم بەیتەدا شاری (خەزنە) لە سەردەمێکدا (سوڵتان مەحمود)ی خەزنەوی پاشای ئەو وڵاتە بوە و پایتەختی بوە، شارێکی بەناوبانگبوە و شوێنی کۆبونەوەی ڕۆشنبیریی و شارستانییەت بوە، کاتێک (سوڵتان مەحمود) لەو شارە نەماوە، شاری (خەزنە)ش بێنازدەکەوێت و شەوق و سەفای جارانی نامێنێت؛ حەمدی، بەراوردی ئەوە دەکات (داریکەلی) بەبێ شێخ مەحمود، بێناز و بێسەرکردەیە وەک چۆن شاری (خەزنە) بێناز و بێسوڵتانە. بەراوردکارییەکەش لە ناوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەردوکیان ناویان (مەحمود)ە، ئەو (سوڵتان مەحمود و ئەم شێخ مەحمود). تەنانەت لەو دو نیوەدێڕەدا شاعیر (شێخ مەحمود) دەباتە ئاستێک لەگەڵ (پەیامبەر و ئیمامی عەلی) بەراوردیان دەکات و (داری کەلی) دەباتە ئاستی (مەدینە و نەجەف).

مەدینە ← نەبی (پەیامبەر)
نەجەف ← ئیمامی عەلی
خەزنە ← سوڵتان مەحمود
داریکەلی ← شێخ مەحمود

بەهەمان شێوە "لە ئەنجامی شکانی هێزی شێخ مەحمود لە شەڕی دەربەندی بازیان بە دیلگیرا و ڕەوانەی هیندیستان کرا و لە شاری یا دورگەی (تانە) بە دەستبەسەریی مایەوە، لە ساڵی ١٩٢٢ لە بەندیخانە ڕزگاری بو لە ڕێی گەڕانەوە گەیشتبوە کوێت. بەم هۆیەوە حەمدی ئەم چوارینەی داناوە" (خەزنەدار، ٢٠١٠: ٣١٢)

"کە ڕۆیشتی بە جارێ من دڵ و جەرگ و هەناوم کەوت
کە چویتە (تانە) تانە سەرگلێنەی هەردو چاوم کەوت
ئەڵێن هاتویتە کوێت قوربان بڵێ قوربانی کوێتی کەم

که نۆبەت بەر سەری نەحسی شکاوی بێ کڵاوم کەوت" (حەمدی، ۲۰۱۳: ۳۰۵).

بەو پێیەی حەمدی شاعیر، دوای دورخستنەوەی (شێخ مەحمود) ئاوەدانیی جێدەهێڵێت و ڕودەکاتە شاخ و کێو، دەکرێت ئەم هۆنراوەیەشی لە خۆشی مژدەی هاتنەوەی (شێخ مەحمود) نوسیبێت:

"موژدە بێ یاران ئەڵێن تەشریفی جانان دێتەوە
وەک هیلالە قامەتم تا بەدری تابان دێتەوە
موددەتێکە موڵکی دڵ وێرانە شاگەردانییە
ساحیبی سواری هەوایە وەک سولەیمان دێتەوە
مەسکەنی کێوانە حەمدی هەمدەمی دێوانەگان
تا بەخێرێت ئەو ڕەئیسەی خێڵی ڕەندان دێتەوە" (حەمدی، ۲۰۱۳: ۳۱۷).

"بێگومان شێخ مەحمود وەک هەر سەرکردەیەکی تر لە توانج و ڕەخنە و سەرزەنشتی نوسەران و شاعیرانی خۆمان ڕزگاری نەبوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێجگار دڵی پاک بوە و قەت بوغز و کینە و ڕقی نەگرتوەتە دڵ بەرامبەر بەو نوسەر و شاعیرانە" (هاوار، ۱۹۹۱: ۸٤۲). هێندە هەیە مەودا و ماوەی نێوان (دۆستایەتیی و ڕەخنەی توند)ی حەمدی، کەمخایەنە و دژیەکیی لەنوسین و بیرکردنەوە سیاسییەکانیدا بە زەقی و زاڵی دەردەکەوێت. بە نمونە کاتێک (شوکری فەزڵی) بە هۆنراوەیەک کە بۆ (شێخ مەحمود)ی دەنێرێت، ساتی هاتنەوەی لە هیندستان و بۆ دوەمجار دامەزراندنی حکومەت، ئەوا (حەمدی) بە شیعر وەڵامی (شوکری فەزڵی) دەداتەوە و تیایدا ڕەخنەی توند لە (شێخ مەحمود) دەگرێت:

"ئیش کە ڕوی ئێستا لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی
بیری وردیشی دەوێ، هەر بە دوعا و نوێژی نەکەی
گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بە بادا لە کنت
چاکە هەر لێیخوڕی سەیری دەم و کاوێژی نەکەی" (شوکری فەزڵی، ۱۹۹۱: ۸٤۹)

لە وەڵامی ئەم شیعرەدا (حەمدی) دەڵێت:

"بە خیلافی قسەکەت، شوکری تا بکا نوێژێ
بەم هەمو خوێنە کە ڕشتی، جا گرتی دەستنوێژێ
هەمو کای کۆنی بە با کرد و گڕی تێبەردا
کە بکا دوکەڵەکەی چاوی فەلەک کل ڕێژێ" (حەمدی، ۲۰۱۳: ٤٥۰).

لێرەدا حەمدی (شێخ مەحمود) وەک کەسێکی خوێنڕێژ وێنا دەکات و دەڵێت بە خوێنی ستەملێکراوان دەستنوێژی نوێژەکەی دەشوات و لێبوردەیی بەرامبەر ئەوانە نییە کە پێشتر لە دژی بون و بەشێوەیەک تۆڵەی لێکردونەتەوە، کە دوکەڵی تۆڵەکردنەوەکەی تەواوی ئاسمانی تەنیوە.

بێگومان (شێخ مەحمود)، کە مرۆڤێکی خوێنەوار و هەم شاعیریش بوە و ئاگای لە نوسین و شیعری شاعیرەکانی سەردەمی خۆی بوە و زۆرباش ئەو شیعرانەی، کە حەمدی لە دژی نوسیونی پێیگەیشتونەتەوە، ئەوەتا کاتێک (شێخ مەحمود) لە بەغدا جێگیردەبێت و (حەمدی ساحێبقڕان) بۆ دیدەنی و بینینی شێخ دەڕوات بۆ بەغدا و کاتێک دەچێت بۆ ماڵیان "لەو کاتەدا شێخ تاقمێک میوانی عەرەبی لادەبێت و دەچێت بە پیرییەوە و بەخێرهاتنی دەکات و ڕودەکاتە

میوانە عەرەبەکان و دەڵێت: ئەمە ئەو شاعیرەیە کە ساتێک من حکومداربوم بە شیعر هەزار قسەی پێ وتوم" (هاوار، ١٩٩١: ٨٥٦).

لە گەڕانەوەشیدا (شێخ مەحمود) وێنەیەکی خۆی بە دیاریی داوە بە (حەمدی ساحێبقڕان) و ئەوییش بە ستاییش ئەم چوارینەیەی لەسەر نوسیوە:

"عەکسەکەت پڕ مەحفەزەی بەجێ، جێم کردەوە
لایەقی عەرشی دڵم بو لوتفەکەت ڕێم کردەوە
من نەوەی کوردیم و لوتفی تاجداری قەومی کورد
کەوتە دەستی بەستراوی خزمەتم پێم کردەوە" (حەمدی، ٢٠١٣: ٣٠٥).

حەمدی لەو چوارینەیەدا ئەوە دەردەبڕێت، وێنەکەی شێخ چاوی ڕونکردوەتەوە و شانازی بەوەوە دەکات کە شێخ مەحمود کەسایەتییەکی گەورەی کوردە و ئەمیش هەمان نەتەوەیە و لەو کوردبونە بێبەش نەبوە و وەک خزمەتکارێک خۆی دەبینێت کە خزمەتی تاجداریی مەلیکی کوردستان دەکات.

ئەم دژیەکییە لە بیرکردنەوە و شیعردا، تەنیا بەرامبەر کەسێتی (شێخ مەحمود) نییە, بەڵکو بە خوێندنەوەی دیوانەکەی دو بۆچونی دژبەیەک و دو ئاڕاستەی نوسینی پێچەوانەی سیاسیی دەبینرێت، ئەویش ئەوەیە کە لە ماوەی تەنیا ساڵێکدا شیعر دژی دەستەڵاتی سیاسیی بەغدا و حوکمی ئینگلیزو ئەو خوێنڕێژییەی لە ڕۆژی ڕەشی ئەیلولی (١٩٣٠) ئینگلیزەکان دژ بە خەڵکی سلێمانیی کردویانە دەنوسێت و ساڵێک دوای ئەوە (١٩٣١) کاتێک (مەلیک فەیسەڵی یەکەم) پاشای عێراق دێتە سلێمانیی، شاعیر بە هۆنراوەیەکی تاڕادەیەک درێژ ستاییشی ئەو هاتنەی دەکات و خۆشحاڵی خۆی بەو هاتنە بە هۆنراوە دەردەبڕێت.

ڕێکەوتی (١٩٣٠/٩/٦) ڕاپەڕینێکی گەورە لە بەردەرکی سەرای سلێمانی، کە تیایدا خەڵک دژی هێزی داگیرکەری ئینگلیز و حوکمی پاشای ئەوکاتی عێراق ئەنجامیاندا و بۆ یەکەمجار وەکو داهێنانێکی نوێی خەباتێکی مەدەنی لەم شارە بەرپابو. ئەم ڕوداوە لە مێژوی هاوچەرخی کورددا بە شەڕی بەردەرکی سەرا ناسراوە، کە لە ئەنجامدا بوە هۆی کوژرانی چەندین کەس

لە هەندێک باردا، کاتێک گۆڕانکاریی لە بیرکردنەوەی مرۆڤ یان نوسەردا کە ڕودەدات دیاردەیەکی سروشتییە، تەنانەت زۆرجار دەگوترێت نوسەر دو ژیانی هەیە، ژیانێکی کەسیی، لەگەڵ ئەو ژیانەی کە نوسین بۆی دروستدەکات؛ هەر لە بنەڕەتدا توانای لێهاتویی مرۆڤ بەجۆرێک داتاشراوە کە گۆڕانکاریی بەسەر بیرکردنەوەیدا دێت و زۆرجار ئەم گۆڕانکارییە دۆخێکی دژیەکیی بەرهەمدەهێنێت.

"بۆ هەوا ئاڵۆزە بۆچی لێڵ و سورە ئاسمان
گێژەڵوکەی نەگبەتە یا فیتنەی ئاخر زەمان
بۆچ مەغۆل هەستاوە یاخۆ دەوری نەحسی جەنگیزە
قەتڵی عامی ئەرمەنە یا حادیسەی ڕۆم و بەبان" (حەمدی، ٢٠١٠: ٣١٣).

شاعیر، دیمەنی ئەو دەستدرێژیی و کوشتارەی کە لە میللەتانی پیشو کراوە بە درێژایی مێژو، دێت و دەیهێنێتە سەر تەختەی شانۆی ڕوداوەکانی بەردەرکی سەرای سلێمانی، گرمەگرمی تۆپ و پەترلۆز و کوژرانی لاوی کورد کە شاعیر بە

سەرسوڕمانەوە دەپرسێت ئایا جەژنی قوربانە و قوربانیی دەوێت وا ئەو هەمو لاوە کورژراون؛ هەروەها وێناکردنی بەردەرکی سەرا بە کوشتارگەکانی مەغۆل و تەتار و قەتل و عامی ئەرمەنەکانیش هاوشێوە کوژراوانی بەردەرکی سەرا.

هەمو ئالوگۆڕێک لە بیرکردنەوەی مرۆڤ بەپێی گەشەی ئەزمون و تەمەن و خوێندنەوە و بینینی کەلتوری جیاواز دیاردەیەکی تەواو سروشتییە و هۆکارە بۆ گەشەسەندنی بیری نوسەرەکەی؛ بەڵام یەک خاڵ لە دژیەکیدا نەرێنییە ئەوەیە کە نوسەر یان مرۆڤ لە یەک کاتدا و لە یەک قۆناغدا لەنێو یەک ئایدۆلۆژیا و بیری سیاسییدا بیری دژبەیەکی هەبێت.

لە ڕوی سیاسییەوە بەتایبەتی بۆ نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەیەکی ژێردەستی داگیرکراو، یەک هێڵی گشتیی بیرکردنەوەی نەتەوەیی هەیە کە نوسەر پێوەی پابەندە ئەویش بەرگریکردن لە نەتەوە و شۆڕش و بەرخودان، بەرگریکردن لە خاکەکەی لە زمانەکەی و لە دەستکەوتەکانی.

بۆ نمونە ناکرێت شاعیرێکی کورد لە یەک کاتدا ستاییشی پێشمەرگە و شۆڕش بکات و ستاییشی داگیرکەرانییش بکات، ئەم دۆخە دۆخێکی نەرێنییە، بەڵام ئەم دیمەنە لە نمونە شیعرییەکانی حەمدی ساحێبقڕاندا بەدیدەکرێت، کە هەم ستاییشی ئەزمونی حکومڕانیی شێخ مەحمود دەکات، هەم ستاییشی مەلیک فەیسەڵ، پاشای ئەوکاتی عێراقدەکات، ئەم دیاردەیە لە نێو دژیەکیی بیرکردنەوە تێدەپەڕێنێت و بۆ دۆخێکی لەو خراپتر پەلدەکێشێت، کە دوڕویی سیاسییە.

ئەم دۆخە بەرهەمهێنەری دۆخێکی تەندروست و ئەرێنی نییە لە ئەزمونی شیعری حەمدی دا، کە ئیستاتیکا بخولقێنێت، بەڵکو دەتوانین وەکو دۆخێکی نەرێنی وێنای بکەین.

(بۆ خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم)

"زەمین ئارایشتی خۆیداوە بۆتە ڕومەتی دلبەر

بە ئاهستەی هەوا دەیکا دەماغی عالەمێ موغتەر

لە ئەوسافی جەلادەت ڕامەدە (حەمدی) قەڵەم چونکە

بە تولە ئۆتۆمبێلی خەیاڵت نەک بێ پەنچەر" (حەمدی، ٢٠١٣: ٨٢).

ئەوەی مایەی تێڕامانە، جیاوازی مەودا و کاتی نوسینی ئەو دو هۆنراوەیە، نەک ساڵێک تێناپەڕێنێت بەڵکو چەند مانگێکی کەم نێوانیانە، کە لەلایەک دیمەنی تراژیدیی بەردەرکی سەرا وێنادەکات و لە لایەکی تر ستاییشی هاتنی مەلیک فەیسەڵی یەکەمی عێراق دەکات بۆ سلێمانی.

**ئەنجام:**

١- بە خوێندنەوەی دیوانی حەمدی ساحێبقڕان، لەنێوان دو جۆر بیری دژبەیەک و ناتەبا لەگەڵ یەک ڕوبەڕو دەبینەوە، جۆرێکیان وەسف و ستاییش و پیاهەڵدان بە دەستەڵاتێکی سیاسیی دیاریکراوی سەردەمەکەی خۆی و ستاییشکردنی ئەزمونەکەی، جۆرەکەی تر لەدژ وەستانەوە و داشۆڕیین و دژایەتیی ئەو ئەزمونە سیاسییە و کەمبایەخ تەماشاکردنی سەرکردە و کاربەدەستەکانیی و خستنەژێر پرسیاریی هەمو مێژوی ئەو ئەزمونە سیاسییە.

٢- ململانێی سیاسیی و ئایینی و دژیەکیی لە بیرکردنەوە لە بەشێک هۆنراوەکانیی حەمدییدا ڕەنگیداوەتەوە، بەجۆرێک چەند جارێک لە دیوانەکەییدا دوبارەبوەتەوە و هەندێکجار لە دۆخی تاکەکەسییەوە بوەتە دیاردە و لە بەشێکی مەبەستە شیعرییەکانی دیوانەکەیدا، بە ڕونیی دەبیندرێت.

٣- دژیەکیی بیرکردنەوە لای حەمدی، هەمیشە بە ئاڕاستەیەکی ئەرێنیی نەبوە کە دۆخێکی ئیستاتیکی تەندروست بەرهەمبهێنێت، بەڵکو هەندێکجار دۆخێکی نەرێنیی وای خوڵقاندوە، پەلبکێشێت بۆ سەروی دژیەکی بیرکردنەوە و جۆرێک لە دوروویی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بە هۆنراوەکانەوە دیارن.

**سەرچاوەکان**


قورئانی پیرۆز

خەزنەدار، مارف: (٢٠١٠)، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی دوەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

سەجادی، عەلائەددین: (١٣٨٩)، مێژوی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان، سنە.

عزیز، عیزالدین احمد: (٢٠١٤)، بنەماکانی دەرونزانی گشتی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف: (٢٠١٥)، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی: (٢٠١٣)،بەهاری ڕەوانبێژی واتاناسی، ڕونبێژی، جوانکاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

معایتە، خەلیل عەبدولڕەحمان: (٢٠١٣)، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕانی: سەلاح سەعدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

مستەفا، ئیدریس عەبدوڵا: (٢٠١١)، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم: (١٩٧٦)، دیوانی نالی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم: (١٣٩١)، دیوانی مەحوی، چاپی یەکەم، پەخشانگای ئانا، سنە.

مەولود، عەبدوڵا خدر: (٢٠١٣)، دیوانی حەمدی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

هاوار، محەمەد ڕەسوڵ: (١٩٩١)، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دوەم، جاف پرێس، لەندەن.

حسێن، شۆخان مەحمود: (٢٠٢٢)، کاریگەری ململانێ سیاسییەکان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ساری سلێمانی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

ئەحمەد، دیلمان قادر، فرج، تریفە محەمەد: (٢٠١٩)، دژواتا لە شیعری کوردیدا دیوانی (قانع) بە نمونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی شەش، ژمارە (٤)، لاپەڕە (٤٦-٥٢).

امین، احمد فواتیح محمد: (٢٠١٠)،ادارة الصراع التنظیمی، کلیة العلوم الانسانیة و الاجتماعیة، جامعة ابوبکربلقاید- التلمسان، الجزائر.

الخولی، محمد علی: (٢٠٠١)، علم الدلالة(علم المعنی)، دار الفلاح، الاردن.

القصبی، عبدالغفار رشاد: (٢٠٠٦)، التطور السیاسی و التحول الدیموقراطی، مکتبة الاداب، القاهرة.

سلوم، علی: (٢٠٠٤)، بلاغة العرب، طبعة الثانی، دار المواسم، بیروت- لبنان.

عمر، احمد موختار: (١٩٩٢)، علم الدلالة، عالم الکتب، قاهرة.

مقلد، اسماعیل صبری: (١٩٨٢)، نظریات السیاسیة الدولیة، جامعة الکویت، طبعة الاولی، الکویت.

الهزاع، هند عبدالله: (٢٠٢٠)، الصراع النفسی و علاقته بالصلابة النفسی لدی الطالبات المرحلة الثانویة بدولة الکویت، مجلة العلوم التربویة، کلیة التربیة بلفردقة، جامعة جنوب الوادی، مجلد (٣) عدد (١)، صحفة (٣٩٢- ٤١١).

السلیفانی، فیان رمضان عبدی: (٢٠٢٠)، ظاهرة التضاد فی اللغة العربیة و أثرها فی المعنی، مجلة الفنون و الأدب و علوم الأنسانیات و الأجتماع، عدد (٥٠)، صحفة (١٦-٣٥).

جعفر، زهرة موسی: (٢٠٠٩)، الاتجاه المضاد للمجتمع و علاقته بالحکم الخلقی لدی الأعمار (١٥- ١٨) سنة و (١٩-٢٢) سنة، مجلة دیالی، عدد (٤١)، صحفة (١-٣٩).

حنا، فادی بطرس میخایل: (٢٠٢٠)، الأسالیب المتنوعة للتعبر عن المفهوم الصراع فی فن التصویر، مجلة التربیة النوعیة و التکنلوجیا، کلیة التربیة النوعیة، جامعة الکفر شیخ، مصر، صحفة (٤٣٨- ٤٩٢).

سمیع، حسین حسین صالح: (٢٠٢٢)، الصراع السیاسی الدولی مفهومه و و أسبابه و أنواعه، مجلة الأداب الحدیدة، عدد الخامس العشر، کلیة الاداب، جامعة الحدیدة، صحفة (١٣٦- ١٧٨).

علیوی، هیام اسماعیل: (٢٠٢٠)، ظاهرة التضاد فی معجم متن اللغة الدراسة فی التغیر الدلالی، مجلة ابحاث میسان، المجلد السادس العشر، عدد (٣٢)، صحفة (٢٨١-٢٩٩).

Gerolier: (1992), The Encyclopedia Americana International Edition, Danbury.

Maturedy, fars: (2023) ،(الفارس الجمیل) مفهوم الصراع السیاسی لموریس دوفرجیربالطتبیق علی الروایة, HIjai- journal on Arabic language and literature, ISSN: 2621- 1343, Volume 06 nomor 01, Page (1-11).